المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:21-39
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# پێوانە هونەرییەکانی ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی (1970- 1990) بەنموونە

دڵشاد علی محمد[١]، سعید محمد عبدالله[٢]
بەشی کوردی، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،عێراق[١]
بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، عێراق[٢]
Saeed.mohammed@charmouniversity.org[2]

**الملخص:**

النقد الادبي هو عمل لغوي في اعلى المستويات الفكرية اللغوية، وبمعنى أوضح يعد النقد الادبي كتابة عن نتاج مكتوب آخر ، وقبل كل شيء، فأن النقد الادبي هو نقد مرتبط بمواقف انسانية في نهاية المطاف. إن كتابة النقد الادبي بجميع أساليبه تستند الى مواقف انسانية وربما يأتي الناقد في نتائجه العامة بقراءة معمقة ومفصلة. ومن هذا المنطلق، تم تسليط الضوء في هذه الدراسة على معيار نقد الشعر وتحليله وذلك باسلوب واضح وعلمي. يعتبر الشاعر على مر تاريخ الشعر الكردي شخصا ذي رسالة واغلب قصائده تهدف الى تضميد جراح المجتمع وتخفيف اوجاعه، وتسهم في رسم سياسة الامة الكردية. وكما قامت هذه الدرسة بتبيان ما يعتمده الكاتب الناقد من طرائق في تحليله وتقييمه في عملية نقده للشعر. إن اللغة الفنية والادبية منهلان للغة الكردية، بينما التعبير والصور الفنية هي خلاصة ابداع الشاعر، أي ان تلك الاصول والعناصر الشعرية هي ابرزمايستهدفه هذا الاسلوب النقدي.

**پوختە:**

دەقی ئەدەبی کارکردنە لە نێوان دەقەکان ودیاریکردنی بنەماو پیوانەکانی دەق، بۆیە پێوانە هونەرییەکانی ڕەخنەی شیعریی، بەپێی سەردەم و قوتابخانەکان ڕۆڵی خۆیان گێراوە و کاریگەری و کارلێکیان هەم لەسەر دەق هەم لەسەر خوێنەر هەبووە، بۆیە لەم سۆنگەوە کارلەسەر ئەو پێوانانەی کە ساڵانی (1970-1990) گێراوەتە بەر بۆ کارکردن لەسەر دەقەکان، دەرئەنجامەکەشیان خراوەتە ڕوو، بۆیە لەم سۆنگەیەوە لە توێژینەوەکەدا بایەخ دراوە بە پێوانەی ڕەخنەی شیعریی و ڕاڤەکردنیان بە ڕووکارێکی ڕەوا پیشان دراوە بە پێوانەی زانستی. لە مێژووی شیعریی کوردیدا. شاعیر پەیامدارە و زۆربەی شیعرەکانی بۆ سارێژکردنی ناسۆری کۆمەڵایەتی و رامیاری نەتەوەی کورد هۆنیەوەتەوە. هەڵبەت سەرنج و بیرۆکەمان خستوتە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش هەریەکە لەپێوانەی هونەری زمانی شیعریی رەمزو وێنەو ئاواز بەکارهێنراون ، پاشان گرنگی و کاریگەری هەریەکەیان لەسەر دەق و پاشان گوێگر روون کراوەتەوە.

***Abstract:***

Literary criticism is a linguistic work at the highest level of linguistic thought, and in a literal sense literary criticism isa matter of writing on another written product. Above all, literary criticism is a critique of human attitudes in the end. The writing of literary criticism in all its methods is based on humanitarian attitudes and the critic may come in his general conclusions in a detailed and detailed reading. From this point of view, what is highlighted in this study is the criterion employed in poetry criticism and analysis in a perspicacious and scientific manner. Throughout the history of the Kurdish poetry, the poet has been regarded as a person with a message aiming to heal the wounds of society with his/her poems and reduce its aches, and contribute to the policy of the Kurdish nation. This book also shows what the critic criticizes via the methods of analysis and evaluation in his critique of poetry. The language of art and literature have always been the sources of the Kurdish language, while the expression and artistic images are the essence of the poet's creativity, that is, those assets and poetic elements are the most important targets of this criticism method.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
ص:21-39
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## پێشەکی :

ڕەخنەی ئەدەبی بە درێژایی مێژووی خۆی چەندین قۆناغی جیاوازی بڕیوە بەوەشەوە بەپێی قۆناغ وسەردەمە جیاوازەکان پێوانەی جیاواز گیراوەتە بەر بۆ کارکردن لەسەر دەقەکان ، بۆیە ڕەهەندە جیاجیاکانی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیش پێویستی بە چەندان توێژینەوەی بابەتییانەی سەربەخۆیە، لەبەر ئەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی لە ڕووی بابەت و بنیاتی ئێستێتیکەوە ئەزموونی ئەدەبی خۆی هەیە .کەواتە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتە جیاوازەکانی پێوانەی ڕەخنەیی دەقی شیعریی لە ناو بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا،چونکە ئەو قۆناغ و سەردەمەی، کە ئێستا دەقی ئەدەبی پێدەنووسرێت زۆر جیاوازە لەپێش خۆی هەر بۆیە و پێویستە میکانیزم وهەم پێوانەیەکی جیاواز لەگەڵ سەردەم و قوتابخانەومیتودەکە بگرێتە بەر.

**ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە سێ بەش:** لە بەشی یەکەمدا، باس لە زمان و پێوانەی زمانی شیعریی کراوە ، دواتر پێوانە ڕەخنەییەکان بە وردی خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمیشدا باس لە شیعر و پێوانەی ڕەمز و وێنەی شیعریی کراوە . لە بەشی سێیەمیشدا ئاواز و پێوانەی ئاوازی شیعریی خراوەتە ڕوو، تاوەکو لێرەوە بنەمایەکی دروستی ڕەخنە و پێوانەی ڕەخنەی شیعریی بە خوێنەر بناسێنرێت.

**گرنگی بابەتەکە:**

1) ئەو توێژینەوانەی لە شیعریی کوردیدا ئەنجامدراون، تیایدا دەقە شیعرییەکان کراونەتە ئامانج، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پێوانە ڕەخنەییەکان لە ئەدەبی کوردیدا، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە دووتوێی توێژینەوەیەکی زانستیدا نەخرابێتە ڕوو، لەگەڵ ئەو ئاراستانەی کە ئەم میتۆدە ڕەخنەییە گرتویەتیە خۆی.
2) دەیەوێت دەقەکان بەپێی پێوانەکان و جۆری قۆناغەکەی لێك بدرێنەوە .

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەبەر ئەوەی باسی پێوانە هونەرییەکانی ڕەخنەی شیعریی کراوە ، بۆیە میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە.

## بەشی یەکەم

## پێوانەهونەرییەکانی زمانی شیعریی

چەمک وپێوانەهونەرییەکان لەبەر تیشکی ئەم پێوانە ڕەخنەییە دا ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێتە دارشتنی تەکنیکی دەقەکە ، کەلە زمان و ڕێزمان و ڕەوانبێژی جۆری دەقە ئەدەبیەونەرییەکانە. کەوابوو ڕەخنەگران دەبێت ئاگایان لەدەستوری ئەو زانستانە بێت و پسپۆڕیان تێداەبێت ، بەم جۆرەهەنگاوی ڕاستەقینەی بەکارهێنەری ئەم پێوانەیە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری پێوانەیەونەری ئەو دەقە ئەدەبییەیە، کە دەیەوێت لێی بکۆڵێتەوە و هەڵیبسەنگێنێ.

**چەمك و پێناسەی زمانی شیعر :**

هەروەك (چۆمسکی) دەڵێت:" زمان بریتیە لە کۆمەڵێك ڕستەی سنورداروبێ سنور، هەرڕستەیەك درێژییەکەی سنوردارە ، هەروەها هەر ڕستەیەك لە چەند یاسایەکی سنودار پێکهاتووە ".(1)هەر لەو چوارچیوەیەدا دەوترێت:
" زمان کەرەستەی سەرەتایی شیعرە ، بەکارهێهنانی زمان لە نووسینی زانستی وژیانی ڕۆژانەدا تەنیا بۆ گەیاندنی بیرە ، بەڵام لە (شیعر)دا، یان (ئەدەب)دا زمان دەگۆڕێت بۆ ڕەمز، چونکە زمانی شیعریی ئامرازێك نیە بۆ بەجێهێنانی شتێك ، بەڵکو خۆی لەخۆی دا ئامانجیکە، فۆرمالیستەکانیش هەربەهەمان شێوە دەڕواننە زمانی شیعریی کە( سیتسەمیکی زمانییە) و ڕۆڵی گەیاندن تیایدا کەم دەبێتەوەو بنیاتی زمانی بەهای سەربەخۆ بەدەست دێنێت".(2) هەر لە دوو توێی خستنەڕووی پێناسەی زمانی شیعرییدا ، هەندێکی تر لە ڕەخنەگران دەڵێت:(زمان کەرەسەی ئەدەبە. هەر لە خودی ئەم پێناسەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە ، کە زمان لە پەیوەندیدا بە ئەدەبەوە وەک کەرەسەیەکی سەرەتایی وایە، وەک ڕەنگ لە نیگارکێشان، بەرد لە پەیکەرتاشی و دەنگ لە مۆسیقا دا)(3)

---

(1)عثمان کەریم ،، بونیادگەری فێردناند دی سۆسێر و پێکهاتە سینتاکسییەکانی نوام چۆمسکی ، 2009 گۆڤاری ڕامان ،ژمارە 142،ل225.
(2) جبار ئەحمەد حسین: ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی"چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2008،ل90.
(3) هەرێم عوسمان – لیریکی گۆران، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠١٨ ، ل ١٩٥

**یەکەم: گۆڤار**

هەر بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی کرۆکی بابەتەکە بە شێوەیەکی زانستیانە بە پێویستمانزانی گوزەرێک بە نێو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەدا بکەین . بۆ نموونە:

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٧٣ بابەتێک بەناو نیشانی (شیعرەکانی ئەم ژمارەیە و چەند سەرنجێک) لە لایەن [د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول) بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت: ( ئەنوەر جاف - وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد ئەم بەرچاو ڕوونی ( تفاؤل ) ەی ئەنوەر جاف نرخێکی هونەرمەندانە و ئایدۆلۆژی گەورەی هەیە ) (4).

جگە لەوەش بۆ لێکدانەوەو باسکردنی دەقەکان پێوانەی هونەری و زمانی بەکارهێناوە لە باسکردنی شیعرێکی (جەلال میرزا کەریم) دا هەر وەکو دەڵێت:-(هەر وەک خۆی چەشنە دەنگ و مۆسیقایەکی لە دەست داوە و چەند دێری جوانی پێ هۆنیوەتەوە هەر بەم دەنگانە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانیشی کردووە بە هارمۆنیایەکی یەکگرتووی ڕامالەری تەوژم هێنەر و بە کۆتایی سەرسامی و ئاوارەیی و پرسیاری ئەم شاعیرانە .

شەقام: من کیشوەری زامم

زام : من شۆڕشی پەیامم

پەیام : من چەکی ئەنجامم

ئەنجام: من گۆرانی ناو سەنگەری شۆڕشگێڕانی جیهانم ..

**من ڤیتنامم**

**من پۆلیڤیام**

**من سۆدانم**

**من شۆڕشی کوردستانم )(5)**

هەروەها لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (31) ساڵی 1975 بابەتێك بەناونیشانی ( علی عارف ئاغا شاعیرێکی دڵتەڕو شیعر سوارە)لەلایەن (فەرەیدون علی ئەمین) بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا نووسەر لەناونیشانەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات ، کە (علی عارف ئاغا) شاعیرێکی دڵتەڕی بەسەلیقەوخاوەن بەهرەیە. وشە لە دەروونی (علی عارف ئاغا) دا هەڵقوڵا بێت و هەمیشە ئاشنای زمان پاراوەکەی بووبێ، ئەو وشانەش، کە دەتوانن مانای خۆشەویستی و جوانی یارەکەی بگەیەنێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردن و وشەی کورت و پڕ واتاوە ، شاعیر خاوەن شێوازێکی روونی سادەیە، پەنادەباتە بەر هونەرێکی تری رەوانبێژی ، کە ئەویش کورتبڕییە، کورتبری لە رەوانبێژیدا، مانای وایە، کە مانای زۆر بەوشەی کەم دەربڕێت، واتا ئەگەر ماناو وشەکان بەرامبەر بکرێن وشەکان لەماناکەی کەمتر بن و تەرازوەکە بەلای ماناکەدا بێت.

نووسەر دەڵێت: ( علی ئاغا لەمەیدانی خۆشەویستی ودڵداریدا شیعریی وای هەیە پیاو حەیرانی ئەبێت،وشەی وا هەڵدەبژێریت پیاو ، سەری سوڕدەمێنێت،خۆشەویستییەکی توندو تیژ لە شیعرێکی رەوان وبێ گرێ و گۆڵدا، کە سەیری ئەکەیت وا ئەزانیت بەهەموو کەسێك دەوترێت، کە دێیتە سەر ئەوەی لە وێنەی ئەوە بڵێیت ، سەیر ئەکەیت قوەتت بەسەریدا ناشکێت:

**درۆیە تۆ لەئینسان بی ، ئەمە ئەقڵم قبوڵ ناکات**

**پەریش حەددی نیە وابێ ، ئەبەد حۆریش بە تۆ نابێ**

**بتی تۆ ئەتپەرستم من عیبادەت بۆ خوا ناکەم**

**ئەگەرچی جوملەی جەهەنم بۆم لەکارا بێ)(6)**

وەک دەبینین نووسەر هونەرمەندانە پێوانەی زمانی بەرکارهێناوە، زمانەکەی زمانێکی سادەیە، شیعرێکی رەوان و بێگرێ و گۆڵە، ئەو رازە لە دڵێکی بێ گەردی خۆشەویستیەوە هەڵدەقوڵێت بەڕوونی ،چی لەدڵ و دەروونیدا بوو بێت بە خەڵکی گەیاندووە، ئەمەش کارێکی ئاسان نیە، دەبێت سامانی فەرهەنگی وشەکان پڕبن ، وشەی پاراوی پڕمانا هەڵبژێرێت، هەرچەندە لە قسەی رۆژانەی خەڵکیشەوە نزیك بێت ، لایەنی هونەری و جوانکاریشی تێدا بێت.( علی عارف ئاغا هیچ سڵ لەوەناکاتەوە، کە وشەیەکی بێگانە بچێتە شیعرەکانی یەوە، بەڵکو ئەوەندە شارەزایانە ئەو وشانە دائەڕێژێت ، ئەگەر چەند دانەکیشیان لەتەنیا بەیتێکدا ببن تۆ، کە بەیتەکە دەخوێنیتەوە ماناکەی ئەبات لەگەڵ خۆی ووشەبێگانەکان بە هیچ کلوجێك سەرنجت راناکێشن و هەر ئەڵێی وشەی خۆماڵین:

---

(4)گۆڤاری بەیان ژمارە 8 مطابع اوفسیت، دار الحریة، بغداد ، ل(٤٤)

(5)هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل (44)

(6) فەرەیدون علي ئەمين : علي عارف ئاغا شاعیریکي دڵتەرو شیعر سوارە , گۆڤاری بەیان، ژ(31)، تشرینی دووەم ، 1974 ، مطابع أوفسیت ، دار الحریة ، بغداد، ل7.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

**لە دنیا لە تۆ جوانتر ، لە تۆ شیرین و مەحبوبتر**
**ئەگەر دەعواچی یەك مابێ، درۆ ناكا دەسا بابێ**
**دەسا بابێن، بەسەف یەكسەر، هەموو چاومەستروومەت گوڵ**
**بزانین چۆن ئەبێ مەحبوب، ئەبێ وا لافی لێ دابێ**

نەك هەر وشەی بێگانە، بەڵكو شاعیر ئەو وشانەی، كە شاعیرەكۆنەكان لە شیعرەكانیاندا بەهەندێك مانا بەكاریان هێناوە، بێ ئەوە بسڵەمیتەوە .كەئەمە وشەی ئەمرۆ نیە ، بۆنموونە شاعیرە كۆنەكان(رەقیب) یان لە شوێنی ناحەز یان ئەوەی بەخیلی ئەبات بەكار هێناوە، شاعیریش هەر وەك ئەوان ئەڵێ:

**وتم بۆچی رەقیب وەك سەگە لە دوتە**
**وتی كۆیلەی وەفای نان و نمەكمە )(7)**

نوسەر پێوانەی وشەو واتای بەكارهێناوە، چونكە شاعیر وشەی وای هەڵبژاردووە كە زمانەكەمان لا خۆشەویست دەكات، جگەلەوەش شیعرەكانی تژین لە هونەری هەڵچوو، دارماڵن لە چێژ ، لێوان لێون لە هەستی ناسك وپڕاوپڕن لەواتای كاكڵەدار ، زمانێكن پڕ لە هونەرو سەلیقەیە.بەمانایەكی دیكە ئەو شێوازەیە ، كە خوێنەر یەكەمجار دەیخوێنێتەوە وا هەست دەكات زۆر سادەو روونەو بەئاسانی لێتیدەگات ، بەڵام تیایدا قووڵدەبێتەوە لێی ورد دەبێتەوە ناتوانێت بەئاسانی پیاتیپەڕێت ، ئەم شێوازەش لە روونی نزیك دەبێتەوە، شاعیر بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی كە هەیەتی .

(لە دارشتن و دەربڕینەكاندا هیچ ئاڵۆزی و گرێ لێدانێكی تیا نەبێ وبەڕوونی بیرەكانی لە قاڵبی وشەو رستەكاندا بەئاسانی دەرببڕێ و خوێنەر ، یا گوێگر بەئاسانی لە مەبەستی شاعیر بگات و هیچ نارەحەتی و دوولایەنی پەیدا نەكات لەڕووی واتا و مەبەستەوە).(8) ،بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، كە بەرهەمەكە لەبەر ڕوونی لاواز و بێ هێز بكرێت، هێزی شێوازەكەی ، كەم بكاتەوە، چونكە هێزی سۆز و هەژاندنی سۆزی خەڵكی بەشێوازێكی بەهێز نەبێت نایەتە دی، كەواتە (ڕوون – الوضوح) یەكێكە لە تایبەتیە گشتییەكانی شێوازی ئەدەبی ، كاریگەری گەورەی هەیە لە وروژاندنی سۆز وروونی واتاكاندا. لەبەر ئەمە شاعیر دەتوانێت واتاكانی بە گوێگر بگەیەنێت ، بەڵام ناتوانێت هەست و سۆزی خۆی بگەیەنێت، ئەگەر شیوازێكی بەهێزی نەبێت.

هەر لەدووتوێی هەڵدانەوەی ژمارەكانی گۆڤاری بەیان دا، گەلێک زانیاری و نهێنی ترمان لەو بوارەدا بەرچاو دەكەوێ ئەوەتا ، لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٤٩ ی ساڵی ١٩٧٨ بابەتێک بە ناونیشانی ( لەو شیعرەوە هەنگاوێک بەرەو ڕەسەنایەتی ) لە لایەن (ئازاد عبدالواحید) بڵاو كراوەتەوە . سەرەتا نوسەر ئاماژە بە شیعریی (لاژە) دەكات و دەڵێت:-

(سەرتاپای شیعریی ( لاژە ) وەكو سێبەری درەختێک ( با ) ببات و بیهەژێنێ ، لە جووڵانەوەدایە.. بەڵام لە ڕوانگەی چەمكە مادیەكەی مێژوو - وە نەبێ چووبێتە دەر ، هەروا گۆترە باسی غەیبیات بكا .. چونكە سێبەرەكە ، سێبەری شتە مادیەكانی بەردەستمانە .. ئەو جووڵانەوەیە وەكو بەردەوامی ورەی ئاوی ڕووبار ، بەردەوام دەمێنێتەوە یان وەكو جووڵانەوەی سەمایەكی - باڵی - دێتە بەرچاو لە شێوەی باڵە فڕێ ، لە بەرز بوونەوەو هەڵنیشینە .. ئەم جووڵانەوە بەردەوامەش لە واقعیەوە دەست پێدەكات بۆ هاواری دوای ڕۆژێكی گەشاوە.

وەک دەڵێت:-

**ڕەنگت لە ڕەنگی ئاو ئەچێت**
**لە نزیكا كە ئەتبینم ، هەموو دنیات تیا ئەبینم**
**كە دووریش ئەكەویتەوە ، دەریایەكیت ،**
**شین ئەنوێنێ**
**سەوز ئەنوێنێ**
**بۆیە هەژاران كیشوەری ، خۆزگە و تاسەی دیدە نیمت تیا**
**ئەخنكێ و نایان بینێ**
**ئەڵێ ی ئەو بازنی عەشقەیت**
**بە مناڵی ، كراویتە مەچەكی بارێكی ڕۆحم**
**ئێستا ڕۆحم گەورە بووە و تیا دەرنایەیت**
**ئەی بارانی هەتاوەكە .**
**لە دەریای مناڵیمە وە تا ئێستا**

(7) فەرەیدون علي ئەمین : علي عارف ئاغا شاعیریكي دڵتەرو شیعر سوارە، ل8.
(8) حەمە نوری عمر كاكی : شێواز لە شیعر كلاسیكی كوردیدا ، چ1، سلێمانی، 2008،ل121.

**بە بێ دەنگی خۆشم وویستویت**
**گیانە بێ دەنگیش هەر دەنگە !**
**گیانە بێ دەنگیش هەر عەشقە!)(9)**

شاعیروشەی وەکو مانا لەبەر چاو گرتووە بۆیە سیمای ووشەسازی بەدیدەکرێت.

لە دارشتنی شیعرەکە دا لەسەر شتێکی دیاری کراو جێگیر نابێ و ، لە دوایشدا وشە بۆتە ئاوازو مۆسیقایەکی هێمنانەو ختووکە و گەرمیەکی و بژادانیش دەبەخشێتە گیان.واتە شاعیر ئەم وێنە سرک و زیندوو ڕوانینە پڕ لە هەڵشاخیەی زۆرە ، ئەو هەستە وشەسازیەی هەیەتی دەبێت بە سیفەتی مۆسیقای شیعرو سەدای ناوەڕۆکەی . کەواتە لە سەرەتای شیعرەکەوە بە وێنەی زیندوو دەست پێ دەکات ، بۆ دەربڕینی ئەو هەڵچینینە ، شاعیر لێرە زیاتر بە زمانی شیعر دەدوێ . چونکە ئاشکرایە جوانی دەقی شیعریی بەستراوە بە جوانی و دڵڕفێنی وێنەکانییەوە جوانی وێنەش خۆی لە خۆیدا لە جوانی ئەو زمانەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە بەر جەستەی دەکات ، زمانیش لە لایەکەوە لە ڕێگەی دەنگ و ووشەکانەوە لە بنیاتی دەقەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت ، ئەو ڕەگەزەش مۆسیقای شیعرییە ، بۆیە نوسەر لەم ڕوانگەیەوە پێوانەی زمانی بەکارهێناوە چونکە لە ڕێگەی ڕایەڵی واتاییەوە وشەو مانا بە پێوەندی نوێ پێکەوە گرێدەدات و لە ئاکامیشدا زمانی شیعریی جیاواز لە زمانی ئاخاوتن دێتە کایەوە .

**دووەم : کتێب**

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێتەوە مەداری خۆیان ) لە ساڵی ١٩٧٩چاپکراوە (حەمە سەعید حەسەن) دەڵێت:- ( تەم و مژ لە زمانی شیعر جیا ناکرێتەوە. شاعیر بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە تەم و مژ پاراستووە ، ئەمە بێ ئەوەی قووڵی مانای هۆنراوەکانی پشت گوێ خستبێ . نموونەی ئەمەش هەر وەکو لە هۆنراوەی ( بێ سەر و شوێن) دا دەڵێت:

**ئەڕۆم لەگەڵ هەورا ئەڕۆم**
**لەگەڵ بارانا دێمەوە ) (10)**

کەواتە شیعر بە هۆی زمانەوە تایبەتمەندیەکی بەهای پەیدا دەکات ، یان چڕیش لە شیعردا نرخێکی تایبەتی بۆ شیعر کۆ دەکاتەوە ، بەوەی ئەگەر دەقێکی شیعرییلە یەکەم خوێندنەوەدا خۆی بە خوێنەر بەخشی ئەوە دەقێکی دەوڵەمەندە و داهێنانی تێدا بەدی دەکرێت نووسەر دەڵێت:-

( زمانی ئەم شیعرە چەند شەفافە ئەوەندەش قووڵ و پڕ مانایە )(11)

واتە بە هۆکاری زمانی شیعر لە هونەری دەربڕیندا شیعر دەردەکەوێت ، بەوەی مانای وشە دیاردەی ( دەق ، کۆپلە ، بەیت ) دروست دەبێت . تێکڕای واتاکان لە ناوەندی تەوەری زماندا شوێنێک داگیر دەکەن ، بۆیە نووسەر لەم ڕوانگەیەوە . پێوانەی زمانی بەکار هێناوە ، چونکە زمانی دەق ئەو بەهاو نرخە دەبەخشێت ، بەوەی نووسەر لە ڕوانگەی زمانەوە دەقەکانی بەلاوە جوانە و پەسەندی کردووە .

هەروەها(حەمە سەعید حەسەن) لە کتێبی( شیعر وهەڵوێست )دا، کە لە ساڵی ١٩٧٩چاپکراوە ، دەڵێت:-( ئەوەی خاوەنی ئەزموونێکی گەورە بێت خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندیشە)

بۆ نموونە ، ئەوەتا لە دەقی شیعریی (هەڵۆ سوور)ەکەی (شێرکۆ بێکەس) و، دەردەکەویت، هەروەکو دەڵێت:

**ئەی هەڵۆی سوور**
**کە هاتنەوە**
**خەمی زەردی ئەم دەشتانە شین بوونەوە ). (12)**

وەک دەبینین دەلالەتی وشە لە دەقدا لای (شێرکۆ) لەوەوە هاتووە، کە وشە لە دروستکردنی واتا و بابەتدا بڵێت ڕەنگی شین ڕەمزی لە دایکبوون و گەشەکردنە، لە ڕوانگەی شیعرییشەوە پشتوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانی گەلی کورد بکات و ئومێد ببخشێتە گەل و نیشتمان ، بەو مانایەی دەشت بەرگی خەمی فڕێداوە بەو هیوایەی ئەم دەشتانە سەر لە نوێ شین ببنەوە .

بۆیە لەم ڕوانگەوە پێوانەی زمانی شیعریی بەکار هێناوە.

هەروەها لە کتێبی (( لە بانێژەی شیعرەوە )) (محمود زامدار) دەڵێت:-

---

(9) گ . بەیان – ژ – ٤٩ ی مایش ١٩٧٨ – دار الحرية للطباعة – بغداد ، ل ١٧
(10) حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ١٩٧٩ ، ل٢٥

(11)هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٢٥
(12)حەمە سەعید حەسەن (شیعر و هەڵوێست) چاپخانەی ڕاپەڕین ، سلێمانی - ١٩٧٩ ، ل٣٩


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

( دوباره کردنەوە لە شیعردا .. هەر لەکۆنەوە ، وەکو دیاردەیەکی هونەری شیعر ، لە ئەدەبی کلاسیکماندا لە قەسیدە و چوارین و پێنج خشتەکی ، بە وردی بەدیدەکرێ . هەروا لە شیعریی هاوچەرخیشماندا ، خەریکە بەرە بەرە دا ئەکێشێ و ئەخرێتە نێو گیان و جەستەی قەسیدەی تازە بەخشەوە، نموونەی ئەمەش وەک (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**ئەی فریشتەی دەنگی سپی**
**بیڵێ و با ڕوخساری گرەی هاتووم بەسەر**
**ئەم ژیلەمۆی سەفەرەدا ، بخەمە بەر**
**ئەو پروشەو کزە بایەی**
**کە لە کوێستانی دەنگتەوە**
**ورد**
**ورد**
**ورد**
**دێتە خوارێ**
**ئەت**
**وێ**
**نەوە**
**دێتە خوارێ و ئینجا منیش لە گەڵیانا**
**ئەتوێ**
**مەوە**
**و**
**ێ**
**م**
**ە**
**و**
**ە)(13)**

لە ڕاستیدا (شێرکۆ بێکەس) ئەگەر چی لە ئاستی شیعرییدا تووشی دووبارە بوونەوەی ئەکات ، بەڵام لە ئاستی ڕۆحیدا بۆ خودی خۆی هەمیشە وەک شاعرێک ئامادەی کردووە بۆ بەردەوامی ، بۆیە نووسەر پێیوایە وردبونەوە لەم ئەزموونانە گرنگی زۆری هەیە بۆ دروست کردنی ئەو کلاسیکییەتەی، کە ئەدەب پێویستی پێیەتی .

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دووبارە کردنەوە لە شیعردا پەیوەندیەکی قووڵی بە مانای وشەوە هەیە ، واتە شاعیر لە ڕێگەی وشە و واتاوە گەمەی زمانی ئەنجام دەدات ، بێ ئەوەی هیچ چەشنە کاریگەریەک بکاتە سەر ڕۆح و جەستەی دەقە شیعرییەکە ، بۆیە نووسەر پێیوایە لە شیعردا وشەی نوێ باو دادەهێنێت و هونەرمەندانە وشە لە شوێنی خۆیدا بەکار دەهێنێت .

هەر لەو چوارچێوەیەدا ، (محمود زامدار) دەڵێت:- ( ئەم دووبارە بوونەوەیە ئەشێ جێ ی خۆی دەگرێ و لە شوێنێکی ترا ناگونجێ و ئەبێ بەلەمپەرێکی رژد و نا قوڵاو ئامرازێکی ژەنگاوی )(14).

شایانی باسە ، لای (گۆران)ی شاعیر هەمان دووبارە کردنەوە هەیە و هەندێ جار بە پێی شوێن لە فزێ ، یا ئامرازی دووبارە ئەکرێتەوە وەکو دەڵێت:-

**( کام ) ئەستێرەی گەش ( کام ) گوڵی کێوی**
**ئاڵە وەک کوڵمی ، گۆی مەمکی ؟ لێوی )(15)**

تەنانەت هەندێ جاریش دەقی تەواوی بەیتە شیعرێ خۆی دووبارە دەکاتەوە

بۆیە نووسەر دەڵێت: ( بە شێوەیەکی گشتیش لە شیعریی هاوچەرخماندا ئەم دیاردەیە ، بەشێکی گرنگە لەتان و پۆی قەسیدە و لێ ی دا نابڕێ ، گەر دابڕا ، هەموو قەسیدەکە ئەڕوخێت .. بە زۆریش ( فیعل ) و ( ناو ) و ( ئاوەڵناو ) و ( ژمارە ) و ئامرازی(

(13) محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريدة العراق، ١٩٨١ ، ل٥٤ ، ٥٦ ، ٥٧

(14) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٥٦
(15) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل58

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هاوەڵکار ) و ( ڕاناو ) و دەستەواژەی درامایی .. تاد دووبارە ئەبێتەوە ) (16) نموونەی ئەمەش هەروەکو لە دەقێکی شیعریی (حەمدی) دا دەردەکەوێ، هەروەکو دەڵێت :

**ڕەببی مووی لێ بێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ**

**هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ)(17)**

کەواتە وشە لە خودی خۆیدا چەندەها واتای جیاواز بونیاد دەنێت ، بۆیە (حەمدی) لە ڕووی زمانەوە کارلێکی تەواوی کردووە لە دروستکردنی بناغەی بونیادی زماندا.هەروەها (گۆران) لە چنینەوەی وشەدا وەک ڕووناکی وایە بەسەر ئاوا ئەخشێت لە وەصف دا زۆر شێواز و تەکنیکی هونەری جوان لە شیعردا دووبارە دەکاتەوە .

ئەمەش وایکردووە کە، نووسەر لە ڕوانگەی چڕ و پڕی شیعر و جوانی و هاوسەنگی نێوان ڕوخسارو ناوەڕۆک بە وشەو جۆری جوڵانەوەی کات و شوێنی ئەو وشەیە و ، هەندێک جاریش لە ڕێگەی گەمەی زمانیەوە ئاوازو ئیقاعێکی سیحراوی لە شوێن و ساتی نێو دەقە شیعرەکە دروست دەکەن هەر لەبەر ئەوەشە وشە زیاتر لە واتایەک دەگرێتە خۆی و لەو ڕوانگەوە پێوانە هونەریەکانی زمانی شیعریی بەکار هێناوە .
هەروەها (محمود زامدار ) لە کتێبی (( لە بانیژەی شیعرەوە )) دا دەڵێت:-
( ڕەمز و بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعرو بەرهەمی ئەدەبیدا شتێکی ئەوەندە نوت و نوێ بێت ، تەنیا بە میرات بۆمان مابێتەوە ، بەڵکو هەزاران هەزار وردە ڕەمزی جوان و دەربڕ لە نێو شیعرە پاراوەکانی ( نالی ، مەحوی ، شێخ ڕەزا ..... تا د ) هەیە :- بۆ نموونە:-
(نالی) دەڵێت:
**بە نەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخمورە**
**ئەزانم خەو لە چاوت دایە ، یا چاوت لە خەو دایە**
(مەحوی) دەڵێت:-
**فەلەک هەر گاە کەسێکی هەڵبڕی وەختی هیلاکەتییە**
**کەسەر بۆ گەینەپەت بێ ، پێ لە کورسی و ئەسکەمیل چبکا .. ؟**
کەواتە ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبێکی ڕەسەن ، لەم دیاردە ڕەسەنەی شیعر و فکر، بێ بەش نیە و لەسەر بنەمایەکی بەهێز بنجی داکوتاوە . هەروەها نوسەر پێمان دەڵێت شاعیرانمان زۆر وریایانە ڕەمزیان لە شیعرەکاندا بەکار هێناوە ، چونکە لە نێو ڕەمز و خود و بابەت و خەون و واقع و زانست یەکدەگرنەوە ، زۆر زیرەکانە بە کارامەي سوود لە ڕەفز و توانا متیوەدەکانی ڕەمز وەرگرتووە ئەزموونەکانیان خۆی لە ڕۆشنایی هزرو جوانی ئەدات ، بۆیە نائومێدی بەد بەختەی دەسەوسانی نەکردوون بەوەی ڕەنگی هەزاران شتی ڕەنگین و جوان و پڕ لە نهێنی و مەتەڵی نێوئەم گەردوونەیان هەڵڕشتووە . بۆیە مەوداو دەروونی هزری خۆیان زانیویانە چۆن خەون و ڕوانگە و سەرنج و بینینی خۆیانی پێ فراوانتر بکەن و بیخەنە ئاستی چێژێکی تر و چەشەی خوێنەرو گوێگری شەیدای پێ زاخاوبدەن. شاعیرانمان دڵگەرمانە بە ڕەمزی پاک و قووڵ و زراڤەوە ڕوویان لە شیعر کردووە ، هەمیشە خۆیان بە دۆست و هاوژانی خەڵک زانیوە و بە وێنەی شیرین و بە ڕەمزی قووڵ و زراڤەوە ، لەگەڵ ئەو خەڵکە دەروون گەرمانە دا دواون ، چونکە ڕەمز هەموو ڕووخسارەکانی جوانی و هەڵوێست و خەون و خەم و ئامانج و سەرجەمی مرۆڤایەتی دائەڕژێ و زۆر بەهێز خۆی دەردەخات .
بۆ نموونە ، ئەگەر بمانەوێت کێرڤی ڕەمز و ئیقاعی ناو شعیریی کلاسیکی ببیستین، ئەبێت پێش هەر شتێک هەستی بیستن بکەینە بنەمای سەرەکی "واتە تەنها ببیستیت ئەو کاتە هەست بەو ئیقاعە هەڵپەو چەند ڕەمزییە توند ئەکەیت، کە نۆتە مۆسیقایەکی هەمیشەي ناو دنیای شیعر.
واتە نووسەر لە ڕوانگەی هونەرەکانی پێوانەی زمانی یەوە دەقەکانی زانیوەو بە لایەکەوە جوان و پەسەند بووە . هەروەها (مەحمود زامدار) لە درێژەی دەربڕینەکانیدا دەڵێت:

(16) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل58
(17) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل 59


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

( پەخشانە شیعر ، واتە : دیوی ئەو دیوی وشەی ئاوازەدار و بەسۆز و تینوی دەروونی( وشە ) و جیهانە بەر بەرینەکەی ناخی وشە و ژانە بێ هەواداران و وشەی مەست و ترینگە تێکەوتووی لێوەندە و پڕ لە دەنگ و ناڵە و نوڵەی: نوزەی برسی و میتەی کارو نرکەی داهێنان و سرتەی بنیادنان و پرمەی گریان و لۆغەی سەرە مەرگی خەباتیگێرە ..!

وەک (کەمال میراودەلی) دەڵێت:

**هۆ کچەکە !**
**تا کەی غەمی چاوەکانت بە فرمێسک دەشۆی**
**بروانە ئاسمانی شین**
**گەر هەمو ئەستێرەکان بە یەکەوە پێنەکەنن**
**چۆن ئاوا ، دەڕازێتەوە ،**
**بروانە باخ و گوڵزارەکان**
**گەر هەمو گوڵ و درەختەکان جوانی و بۆن و سێبەریان**
**ئەبەخشن**
**چۆن ئاوا ڕەنگین و بژوێن دەبن**
**بروانە شانەی هەنگوین**
**گەر هەمو هەنگەکان**
**بەیەکەوە ڕەنج نەدەن**
**چۆن ئاوا شیرین دەبێت**
**بروانە دڵم**
**گەر تۆی تیا نەبێت**
**چ هەوارگەیەکی وێرانە ... ؟!**
**هۆ کچەکە**
**دەست بدە دەستم**
**با ئەم دیوارە ژەنگاویانە ، بروخێنین**
**بچینە دەرێ ، دەرێ ، دەرێ**
**بۆ ئەو زەمینەی پانە : هێندەی ئازادی**
**جوانە : هێندە خۆشەویستی ..**
**کچەکە .... !**
**تا کەی غەمی چاوەکانت بە فرمێسک دەشۆی**
**هەمو باڵدارەکان چاویان پشکووت و**
**هێلانەکانیان بە جێ هێشت**
**تا کەی تۆ ،**
**چوار دیواری زیندانەکەت جێ ناهێڵی**
**دەستت بدە دەستم**
**تاودە پاچ لەگەڵما**
**تاودە پاچ لەگەڵما**
**تاودە پاچ لەگەڵما**
**ئەم ژیانە نوێیەی ئێمە دروستی دەکەین**
**نە زیندانی تۆ دەبێتو**
**نە خەڵوەتخانەی خەمی من ) (18)**

(18) محمود زامدار، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريده العراق، بغداد ، ساڵ ١٩٨١ ، ل٦٩ ، ل٧٠ ، ل٧١

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:21-39

وەک دەبینین، لەوپەخشانە شیعردا تەکنیکی هزری بووە مایەی ئەدەبی زیاتر ڕەگی جوڵانەوەی لەسەر زەمینەی چێژو بیرو ئەدەبی کوردی دابمەزێ برەو بە ئامانجە جوانەکانی خۆی بدات و بەرە وفراوانی دنیای شیعریی هاوچەرخ هەنگاو بنێت لەپێناو چوونە نێو جیهانی شیعرو داهێنانەوە . هەر لەم گۆشە نیگایەوە تەماشا بکەیت شاعیر نموونەی خۆی دەخاتە ڕوو بە فۆڕمە شیعرییەکەی لە چوار چێوەی ڕیز بەندیەکی دانەبڕاو پەیوەست بە هێنانە ناوەی چەمکی ڕووداو لێکدانەوەیان و پەڕینەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی ، بۆ ئەوەی بگات بەو حەقیقەتەی ئەگەری بەدیهاتنی هەیە فەزایەکی ڕووناک ئاوەڵا بکات . چونکە شیعر هەوڵە بۆ دەرچوون لە چەقبەستن و شکاندنی سنوورەکان و دەرچوون لە بازنەکان .

هەر لەو ڕووەوە نووسەر دەڵێت:- ( ئەم زمانە شیرینە ئەلوێ و زۆریش ئەلوێ ، بە ڕەنگی هەمە ڕەنگی پەخشانە شیعر برێژێ و وشەکان خەنی بکات و بیوروژێنێ ) (19).

کەواتە نوسەر پێی وایە (کەمال میراودەلی) توانای نوێبوونەوەی بەردەوامی هەیە ، دەتوانێت نوێبوونەوە لەسەر ئاستی زماندا دابهێنێت .

یاخود نووسەر دەڵێت:- ( بێگومان هەموو وەچەکان ، هەموو خانە ژەنگرتووەکان هەر لە جەمیل صایب شێخ نوری رشید نجیب و گۆران شاکر فەتاح و سەجادی و پاکیزە رەفیق تا دەگاتە خامە بە پێزەکانی ئەم وەچەیە : میراودەلی و هەڵمەت و ئومێد ئاشنا ... تا د مێژوویەکی جوان و زەمینەیەکی بەتینی ئەم هونەر بەرزەن و خۆشی لە خۆی دا مایەی مزگێنی یەکی گەورەی ووشەی پڕ لە ژان و ژووری زمانی زیندووی ئەم کوردەیە ) (20).

جگەلەوەش (جوانی زمان لە تاکرەهەندیی مانای وشەدا نییە، لەوەدایە مانای نەگۆڕ ببەخشینە وشەکان، بەڵکو زمان بەوە جوان دەبێت، کە وشەکان لە ڕستەدا بتوانن بەهۆی چەند مانایی و جێگۆڕکێ و سەماوە ، بەهۆی جێگیر نەبوونیانەوە، ئەو گومان و دوو دڵییەی ناو هۆشیاری بهێنێتە دەنگ، کە بەڵگەی جێگیر نەبوون و دوو دڵیی مرۆڤە لە ناو واقعیشدا)(21).

کەواتە بەکارهێنانی زمان وەکو جەوهەری شیعر دەردەکەوێت، بەڵام شیعر بە تەنها بەرجەستە کردنی زمان نییە ، بەڵکو لەگەڵیدا بەرجەستە کردنە بۆ ئازاد کردنی واقع و مرۆڤ. ئەم واقع بینییەش لای نوسەر مزگێنەیەکی گەورەیە بۆ دوا ڕۆژی کورد ئەم بیر و وردیەی نێو پەخشانە شیعر ڕازاندنەوە و دەربڕینی واتاو وێنەی هونەری و خەیاڵی قووڵ و پڕ لە هەست و جوانی لە ڕێگەی زمانەوە وای لە نوسەر کردووە پێوانەی هونەرەکانی زمانی بەکاربهێنێت و پەسەندی بکات.

## بەشی دووەم

## پێوانە هونەرییەکانی وێنەی شیعریی

**چەمك وپێناسەی وێنەی شیعریی:**

وەکودرایدن(Dryden) دەڵێت : بەم شێوەیە گرنگی وێنە پیشان دەدات :(وێنە خۆی لە خۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەصیدەکەیە)(22)، کەواتە وێنەی شیعریی جەوهەری وێنەی شیعرەو واتای سەرەکی لەوەوە دروست دەبێت، کە شاعیر بەیاریدەی خەیاڵ وبەهۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت، ئەو وشانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی شیعریی دا ، هەموویان وشەی ئاساییین ، بەڵام لەئەنجامدا پێکهاتەیەکی نائاسایی دروست دەکات.

پێویستە وێنەی شیعریی لە چەند رەگەزێکی بنیادی پێك بێت ، گرنگترین ئەم ڕەگەزانەش :

زمان وشێوەکانی رۆنانی ، مۆسیقا بە کێش و ریتمەوە، ئاماژەو ئەو هەست وروانگەو وێنە بێ سنوردارانەی لێوەی هەڵدەقوڵێ، بەم شێوەیە بنیاتی وێنەی شیعریی وێنەیەکی بنیاتی دەقە شیعرەکەیە.**ڕەمز:** بریتیەلە لە دیاریکردنی بابەتێك بەرێگەیەکی ناراستەوخۆ، شاعیر بیرەکەی بەهۆی چەندین ڕەمز، یا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەمز دەخاتە ڕوو.(23)

(19) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٦٩

(20) هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٧٢

(21) رێبوار سیوەیلی – سۆفیستەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی دووەم – سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل ١٩٠

(22)سیسل دی لویس : الصورة الشعرية ، تر: د. احمد نصيف الجنابي ، ار الرشيد للنشر، بغداد، 1982، ص20.

(23) د.بهرام مقدادى ، فەرهەنگ اصطلاحات نقد أدبی، چاپ أول ، انتشارات فکر روز، تهران ، 1379 ، ص576.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

ص:21-39
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەمەش یارمەتییەکی زۆری شاعیر دەدات، کە ئامانجەکانی لەماوەی ڕەمزو بەرکارهێنانەکانی بهێنێتە دی، کە تاکە بابەتە لە پەنای خۆیدا، کۆمەڵێك شت حەشاردراوە و دەیان وروژێنیت ، وەك لەم هێڵکارییەدا روون کراوەتەوە :

ڕەمز ←
**کورتکردنەوە**
**ئیحا بەخشین**
**کاریگەری خێرا**
**بەڵگە بەمەستی پتەوکردن**
**لایەنی ئیستاتیکی**
**پەیامێکی دیاری کراو(24)**

هەروەها (کۆڵردچ) پێیوایە،کە (ڕەمز)، یان هونەری ڕەمزی لەنێوان جیهانی سروشتی ( هەقیقەت) وجیهانی ئەندێشەییدایە.(25)


هەروەها خاڵێکی تر چڕکردنەوە و ناراستەوخۆ لە دەربڕیندا و پیشاندانی سیمایەك، کەمەبەست ئەو سیمایە نەبێت، بەڵکو ئەو دیوی سیماکە بێت، واتە سیماکە تەنها پەردەیەکەوئەودیوی حەشاردراوە.

خاڵێکی تری گرنگ ( گواستنەوەیە) لەنێوان ئەو بابەتانەو تێکەڵکردنیان لەئاکامی ناکۆکی نێوانیان وگونجاندنی دژە واتاکان لەگەڵ یەکدا .

ڕاستەوخۆ ← ناراستەوخۆ
هەست ← ناهەستی
روون ← لێڵی
بەجێ ← نابەجێ

واتە ئەگەر لەبنەڕەتدا پێوەندییەکە سروشتی بێت، ئەوا شاعیر لەئاکامی چۆنێتی بەکارهێنانی ڕەمزەکانی لە سیستەمی ڕستەکاندا پێوەندیەکە دەگۆڕێت ، یاخود شێوەیەکی تری پێدەبەخشێت کەوالەوانە چەندین هەنگاو لە سروشتی بنەڕەتیەکەی دوور بخاتەوە ، ئەمەش لەلایەن (Allen Tate)( 1809- 1892)، چارەسەرکراوە ، کە دەڵێت :( هەرچەندە ڕەمز بەشە وردەکانی واقع وەردەگرێت و شاعیر لەگەڵ حاڵەتە دەروونی و بیرو ڕوانگەکانی خۆیەوە دەیانگونجێنێت، بەڵام وەکو خۆی نایاهێڵێتەوە، بەڵکو پێوەندییە سروشتیەکانی تێك دەشکێنێت بۆیە دەتوانین بڵێین ، ڕەمز ئەبستراکتە. (26)

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەمز پێویستی بە سێ ڕەگەز هەیە:
دال : ئەمەش ئەوەیە، کە شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، واتە خودی ڕەمزە.
مەدلول: ئەوشتەیە کە (دال) شوێنی دەگرێتەوە.
دەلالەت:ئەمەش پێوەندی نێوان (دال و مەدلول)ە بەپێوەندیەك کە ،پێویستە هەستی پێبکرێت و شیبکرێتەوە.
جاك لاکان(1900-1981) ڕێکخستنێکی سێلایی دارشتووە، تێیدا دیاردەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:




"جاك لاکان" لای وابوو ئەم سیانە دەتوانێ گشت بنچینەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکانی لەسەر بنیادبنرێ و بەرانبەر بە سیانەکەی (27)ی فرۆیدەوە هیچ پێوەندیەك لەنێوان دال و مەدلول ناتوانێ کاریگەری هەبێت بەبێ بوونی ئەم سێلایە. (28)

---

(24) د. پەخشان سابیر حەمەد، رمز لە شیعریی هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2012، ل19.
(25) أر .ال . برتة تخیل، ترجمة : مسعود جعفری، نشر مرکز تهران، 1379 ، ص79.
(26) د.بهرام مقدادی ، ص576. هەروەها سیانیەکەی (فرۆید) برتین لە:
(1) من –ego = سەرچاوەی وەرگرتنی مەعریفەو پەیوەندیکردن بەجیهنی دەرەوە، ئەرکی بیرکردنەوەی لۆژیکی یە.
(2)منی باڵا-super ego = ئاراستەی رەوشتی وچاودێری هەڵسوکەوتە لەسەر من.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

کەواتە چەمکی ڕەمزلەسەر بنچینەی لێکچوون و نزیکبوونەوەی حاڵەت وتێڕوانینی نێوبیرو دەروونی شاعیرە، لەئاکامی بەراوورد کردنێکی شاراوەونهێنی لەگەڵ بابەتەکانی دەوروبەر بەهەموو لایەنە هەمەجۆرەکانیەوە سەر هەڵدەدات.

**یەکەم: گۆڤار**

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٧٦ ی زاینیی ٢٦٧٥ ی کوردی بابەتێک بە ناونیشانی (گەشتێک بە جیهانی مەولەویدا) لەلایەن (ئەنوەر قادر محەمەد) بڵاو کراوەتەوە.

دەڵێت:-(دنیای مەولەوی تا چاو هەڵخەی پان و بەرینە ، سروشت هەر سروشتە ڕووتەکە نییە .. درەخت ، کەژ ، با ، شەماڵ ، پاییز ، تەم،کۆچ،چنار،ساماڵ ... هتد ، ئەم شتانە هەموویان ڕەمزن و شاعیر هەست و سۆز و ئەندێشەی خۆییان ئەخاتە سەرزمان ، هەموو ئەمانە بە مرۆڤ و ئەندێشەی مرۆڤەوە توند شتەک دراون

**چون وەڵگ شادی من وای دووری ی لەیل**

**وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەو ڕشتەی سوەیل)**

وەک دەبینین، لەم دێرە شیعرەدا دوو جۆر (با) هەیە (بای دووری لەیل) و (بای وەیشووم) بایەکیان لە سروشتدا هەیە ، با یەکیشیان لە دوورگەی خەمی ئینسانێکەوە هەڵیکردووە و زادەی بیر و هەستی ئەوە و لە تۆی ی وشە و وێنەیەکدا خستوویەتیە ڕوو)(29)

کەواتە شاعیر خۆی دنیاکەی لەبەرچاو هەژارە ، کەوتۆتە حاڵەتێکی واوە ڕێچکەی ئاهی دەروونی هەموو جیهانی بە ڕەنگێک مات و خۆڵەمێشی لە پێش چاو ڕەنگکردووە ، سروشتی وا لێکردووە، کە هاوبەشی بکات ، ڕەنگە لێرەدا پاییز و باری دەروونی مەولەوی ، سروشت و شاعیر یەک بن، بەڵام جاری وا هەیە بە پێچەوانەوەیە.

وەک دەڵێت:-

**(ئیمساڵ نەوبەهار چون خەزان سەرد**

**بەرگ وەرد باغ (مەعدووم) بەرد پەی هەرد)(30)**

واتە شاعیر یاساکانی سروشت بە ئارەزووی خۆی و بۆ مەبەستی خۆی تێکدەدا و بنیاتی دەنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وازی لەو شتە سروشتی و جوگرافیانە هێناوە و دەڵێت کۆچکردنی نازدارانە و لەیل ونکردنە، لێرەشدا (مەولەوی) نایە لاسایی سروشت بکاتەوە ، بەڵکو سروشت و کەرەسەکانی بە ئارەزووی خۆی دادەڕێژێتەوە، واتە ئەو لە (ئێستا) ی بێزارە و دەیەوێت جیهان، وەک ئەو نەخشەیە وا بێت ئەو بۆی دەکێشێت ، هەر لەم سۆنگەیەوە نووسەر تێڕوانینی بۆ دەق تێڕوانینێکی ڕەمزییە.

هەروەها لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٤٦ ساڵی ١٩٧٨ بابەتێک بە ناونیشانی ( شیعر و لە دایکبوون ) بڵاوکراوەتەوە ناوی خاوەنەکەی نەنوسراوە .سەبارەت بە دیاریکردنی ڕەمزو کاریگەری ڕەگدانەوەی پێوانە ڕەمزی شیعریی نموونەیەك دەخەینە ڕوو . کەتێیدا نووسەر دەڵێت:- ( دوو وێنەی شیعریی بەهێزمان دەکەوێتە پێش چاو یەکەمیان ئەوەیە، ئەگەر دایک دەرکی ئەوەی بکردایە زەرنەقوتەی هیواکان بەرەو کام ئاسمان هەڵدەفڕێن ، کام وڵات و کام هێلانە باوشیان بۆ دەکاتەوە ئەوسا دایک سۆمای چاوەکانی خۆی بۆ دەکردە ئاسمان و پرچەکەشی بە هێلانە و وڵات ، یان کاتێ وشە و شیعر لە بیر دەچێتەوە چەندین چیرۆک و هۆنراوەی (بێدەنگ) لە ناخی ( بێ دەنگیدا ) هەر بە ( بێدەنگی ) سەر هەڵدەدەن و گۆرانی بۆ تۆزقاڵێ ڕۆشنایی دەڵێن..

**( بەڵام نەک هەر تۆ دایە گیان**

**هەزارانی وەکو تۆ هەن**

**لە زمانی ئێمە ناگەن .. ) (31)**

لێرەدا شاعیر دەیەوێ لە ڕاستی وتن نزیک ببێتەوە ، بۆ ئەمەش وێنەیەکی هەست پێکراو نیشان دەدات ، کە لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەوە بەدیکردووە و مەبەستەکەی ڕووندەکاتەوە ، لەمەشدا جۆری پێیوەندییەکەی نێوانیان دەبێتە پێوەر بۆ سەرکەوتنی شاعیر . لەم ڕوانگەوە نووسەر پێوانەی وێنەی شیعریی بەکار هێناوە .

کەواتە وێنە ڕۆح و جەوهەری جەستەی شیعرە، چونکە وێنە دەبێتە بونیادی ناوەندی شیعر، لێرەوە دەردەکەوێت وێنەی هونەری تەنها ئامرازێکی جوانکاری نییە ، کە بتوانین پشتگوێی بخەین لەکاری داهێناندا ، بەڵکو وێنە بووەتە ئامرازی گەشکردنی ماناکان

---

(3) ئەو-id- مەبەست جیهانی ناوەوەیە تێدا هەموو ئارەزووە کپ بووە لەبیرکراوەکان بەهۆی بیروباوەڕویاسا وداب ونەریت کۆبوونەوەتەوەو کۆگای سۆزە ، توانای (من) و (منی باڵا ) دەرخرێتەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی (ئەو) ، بڕوانە

(٢٧): جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر ،ت: محسن حکیمی " انتشاراتی مجنسته" تهران، 1378، ص36.

(28)محی الدین اسماعیل، الفکر المعاصرة، ط1" دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، 1989، ص224-225.

(29) گ . بەیان – ژ٣٣ – ساڵی ١٩٧٦ – مطابع آوفست دار الحریه بغداد – ل ١٤

(30) هەر ئەو سەرچاوەیە – ل ٤

(31) گ . بەیان . ژ . ٤٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ - دار الحریة للطباعة بغداد ، ل٢٦


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و ئاشكراكردنی بابەت و هەڵوێستەکان ، بەم هۆیەشەوە وێنەکان دەبنە چنراوێکی شیعریی، ئەویش خودی کارە هونەرییەکەیە. کەواتە پێوانەی ڕەمزو وێنەی شیعریی پەیرەو کردووە بە خستنە ڕووی جوانی سروشت لە ناو دەقەکانی (مەولەوی)دا ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سروشتدا هەیە و ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو دەقی شیعریی.

**دووەم: کتێب**

لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ) لە ساڵی ١٩٧٩دا چاپکراوە حەمە سەعید حەسەن دەڵێت:-( نائومێد نابین ئەگەر بۆ وێنەی نوێ سەرکەوتوو بگەڕێن لە ناو دیوانەکەی (صلاح شوان) دا ، زۆر جار بە یەک دوو ڕستەی شیعریی ، یان پتر وێنەیەکی باڵا دەکێشێت لەو دیو شێوەیەکی هونەری بەرزەوە ، ناوەڕۆکێکی قووڵ بە دەستەوە دەدات .

وەک دەڵێت:-

**لە هۆنراوەی بە ڕوونی لەبەر بارانی لەزەتدا**
**چ شیعرێکە سووتێنراوە**
**وا ئەمشەو بۆ کرووز دنیای داگرتووە) (32)**

یا خود دەڵێت: ( تەنانەت هەندێ جار وێنەی وەهای کێشاوە، کە دەتوانم بڵێم شتی تازەی خستۆتە سەر شیعریی نوێ ی کوردی )!

وەک دەڵێت:

**لە هۆنراوەی پایزە بارانە**
**خۆشم ئەوێیت و ئەزانم**
**چەند زەوی ووشکی پایزان**
**تا سەی دڵۆپێکی پاکی باران دەکات**
**سەد ئەوەندە**
**دڵۆپ بە تاسەوە هانا**
**بۆ شەقاری سینگی ووشکی زەوی ئەبات ) (33)**

وەک دەبینین ،شاعیر لە هەستی جوان لە لایەک و لە دامەزراندنی پێکهێنانی بیر و سۆز لە لایەکی تردا لە شیعر نزیک دەبێتەوە ، لە هەمان کاتدا شاعیر لە هەڵچوون و سۆز ونیگادا هاوکێشەیەکی هاوسەنگ ئامادەدەکات وێنە شیعرییەکان بۆ چەمک و گەیاندن و گوزارشتکردنی ڕاستەوخۆ دەگرنە بەر ئەم دیاردەیەش لە ڕێگەی زمانەوە لە ناخ و بونیادی دەقە شیعرییەکەدا بونیادێکی زیندوو دروست دەکات بۆ گەیاندن و دەربرین چالاک دەبێت . بۆیە نووسەر پێوانەی وێنەی شیعریی بەکارهێناوە .

هەروەها هەر لە کتێبی ( ووشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان )دا،(حەمە سەعید حەسەن) بەمەبەستی زیاتر ئاوڕدانەوە و قسە کردن لەسەر وێنەی شیعریی و پێوانەشیعرییەکان ، دێتە سەرباسی (مارف ناسراو)ی شاعیر و دەڵێت:- ( مارف ناسراو ساڵ لە دوای ساڵ لە پێشکەوتن دایە و پتر تاقەتی بەسەر شیعردا دەشکێ ، کە ئەمە دیاردەیەکی دڵ خۆشکەرە بە شیعرەکانی مارفەوە ، بە تایبەتی لەم شیعرانەی ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٦ زیاتر بە دەسەڵاتە و چاکتر وێنەی شیعریی ناسک دائەڕێژرێ و ئاسۆی بیری ڕۆشن و فراوان تر دەبێ شتی تازە ئەخاتە سەر ئەوانەی پێشووی و سەلیقەی وورد تر بەکار دەهێنێ ، ئەم کۆپلەیە لە هۆنراوەی – بۆ نەشمیل – بە بەڵگەی ئەو بۆ چوونانەم دەزانم:

وەک دەڵێت:

**نەشمیل ، نەشمیل**
**بۆ نازانی دەریا زمانی هەناسەی**
**گیای دەورو پشتی خۆی فێر بوو**
**ئەوانەی تۆ پێت ئەووتم ، لێت تێ ناگەن**
**ئەمڕۆ هەموو**
**زمانی باڵندەی ووشەی**

---

(32) حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ساڵ ١٩٧٩ ل٢٨

(33 )هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٨

**ناو شیعرەکانم تێ دەگەن**
**تەنها هەر تۆ لێم تێ ناگەی**
**نازانم بۆ ؟ ) (34)**

لێرەدا ، شاعیر دەیەوێت لە خەیاڵی سەمای ڕەنگ و بزێوی ڕۆحی وشە وێنەیەک نیشان بدات ، کە هاوکێشەی شەپۆلەکانی رازیبوون و ڕەتکردنەوەی ناخ هاوسەنگ بکات بۆیە نووسەر، وەک پێویستی ئەو هێزەی ، کە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە پێوانەی وێنەی شیعریی بەکارهێناوە.لە لایەکی ترەوە (حەمە سەعید حەسەن) لە کتێبی ( شیعر و هەڵوێست ) دا ، بە هۆی ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ دەقی شیعریی (شێرکۆ بێکەس) کردووە پێوانەی وێنەی شیعریی بەکارهێناوە، چونکە شیعر شێوەیەکە لەشێوەکانی بیرکردنەوە ، بەڵام بیر کردنەوەیەک لە وێنە دا خۆی دەنوێنێت .

وەک دەڵێت:- ( شیعر وێنەیەکی بگۆیە ، وێنە شیعرێکی بێ دەنگە ، وێنەی شیعریی سەرکەوتوترین هۆیە بۆ گەیاندنی فکری شاعیر، شاعیری ڕاستەقینە دەتوانێت بە وشە وێنە بکێشێت ، وێنەیەک زرپ و زیندوو بێت ژیانی لێ بشکێ ، شاعیر ئەگەر ڕەنگی لەبەر دەستدا نیە ، بەڵام وێنەکانی ڕەنگدانەوەی سروشتییانەی ئایدیاکانێتی ، بە مامەڵە کردنی زیرەکانە لەگەڵ وشەدا دەتوانێت ڕەنگ ، سێبەر ، دووری ، نزیک ، بەرزی ، نزمی ، شادی ، خەم ، هیواو بێئومێدی وێنە بکێشێت : وەك دەڵێت:

**هێشتا شیعرم بەهارانە گوڵ بارانی**
**باڵای شارباژێری ئەکرد**
**لە تەوقە سەری چوارتاوە دائەنەوی و**
**کڕنووشی بۆ سوور کێو ئەبرد**
**بە کلوێچکی پەنجەی دابان**
**وەکو هەلاج هێواش ورد ورد**
**چاوی ئەستێرەی سیوەیل و گمۆی ئەڕشت ) (35)**

کەواتە (شێرکۆ) لە دەقەکانیدا وێنەی هونەری خولقاندووە بە خستنە ڕووی جوانی سروشت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی کاریگەریەکانی گواستنەوە بۆ ناو دەقی شیعریی .

یا خود دەڵێت:- ( ڕەمز هۆیەکە بۆ خۆ دەرباز کردن لە درێژدادڕی و ڕاستەوخۆی ، ئەوی ڕەمزێکی سەرکەوتوو لە وشەیەکدا دەریدەبڕێت ، نووسێنێکی ئاسایی ، یان شیعرێکی ڕووت و برسی بە چەند لاپەڕەیەک بۆیان ناگوترێ .

**گەر بە دەنووک کۆتری سپی**
**گەڵا زەیتوونی بۆ هێنام**
**ئەگەر کوردستان پێ کەنێ**
**ئازادی لەسەر لوتکەوە خۆی نیشان دام) (36)**

کەواتە یەکێک لەو کۆڵەکانەی شیعریی نوێیان گرتووە (ڕەمز)ە چونکە ڕەمز ئاسۆی بەردەمی خوێنەر ڕونتر و فراوانتر دەکات، بەمەش هەموو وێنەکان هەم لە ڕووی زمانەوە هەم لە ڕووی جوانیەوە لە ناو پێوەندی یەکانی دەقدا پێکدێن و هەموو دەقێکیش کردارێکی زمانیە ئەم تایبەتمەندیە لای (شێرکۆبێکەس) بەرجەستە بووە ، ئەگەر چی وێنەی شیعریی هەر لە کۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەست بوون بە یەکەوە زیاتر لە ڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە خۆی بینیوە ، لەبەر ئەوەی شیعر هونەرێکی زمانییە وێنەکانی لە زمان پێکهاتوون خودی زمانیش کۆمەڵێک پەیوەندییە.

هەروەها(کاکەی فەلاح) دەڵێت:"ڕەمز لەلایەن دیلانەوە زۆرتر بۆنی ئەوەی لێ دێ، کە سەبارەت بە بەشداربوونی خەبات و نەدانی بەڵگە و پاڵەپەستۆی هێزی تاریکی و ستەم نەیویستوە مەبەستەکانی یەکاڵا بکاتەوەو زۆرتر بۆیە خۆی بۆ ژێر سێبەری فێنکی ڕەمز کوتاوە، تا لەو ڕێیەوە کەف و کوڵی داخ و زوخاو لافاوی بیرو مەبەستی خۆی بڕێژێت و بحەسێتەوە.(37)
بۆیە دەڵێت:

**"ئەی پرچ پەڕەی سپی و نەرم**
**ڕۆمەت بلور**
**چاو سەرچاوی مەستی و شەرم**

(34)حەمە سەعید حەسەن ، ووشەکان دەگەڕێتەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ١٩٧٩ ل٤٣
(35) حەمە سەعید حەسەن ( شیعر و هەڵوێست ) ، ل٤٢
(36)هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٤
(37) کاکەی فەلاح ، کاروانی شیعریی نوێی کوردی ، چ2 ، چاپخانەی حسام، بغداد، 1980، ل218.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**بریسکەی دێ**
**وەك كۆمەڵە ئالتونێكی**
**زاخا و دراو**
**دەمی زەردت**
**ئەروانێتە بریقەی بەرو**
**بەقەدپاڵ و گردۆڵکە و هەرد(38)**

شایەنی باسە هەرلەم شیعرەی نێرگسەدا کۆمەڵێك رەمزی دروست و بەجێ دەبینین، کە ئاوێتەی مەبەست و دەربرین کراون . وەك ئاڵتون، دەمی زەرد، لەگەڵ گردۆڵکە، بۆیە وێنە شیعرییەکان لە هەستەوە وەرگیراون هاوشان لەگەڵ وێنەی دەروونی وژیریدا، کە ناتوانرێت پشتگوێبخرێت، کەواتە شیعر خۆی مەسەلەی وێنە خوازە ، خوازەش واتە هەستپێکراوەکان دەگۆڕێت بۆ وێنە ، وێنەکانیش لە شیعردا گەوهەری زمانی شیعریشن.دەڵێت:

**"تۆ پرسیارت لەبای وەشتە**
**کاتێ گۆپکە**
**لێوی گرژی ئەبزوێنێ**
**کاتێ چرۆ**
**چاوی نووستووی ئەتروکێنێ**
**یا ئەرخەوان**
**خونچەی لێوی ئەنەخشێنێ**
**تۆ پرسیارت لە بای وەشتە**
**کەی ئەگاتە**
**بەهەشتی مێرگ**
**وەڵام نیە**
**هەرچی هەیە**
**وەك تەمەنی گوڵاڵەی سور**
**تیژ دێت و گورج تی دەپەڕێ(39)**

کەواتە ئەم بابەتی (ڕەمز)ە لە پارچەی بەرهەمەکاندا بەشێوەیەك قووڵبونیان هەیە و ئاوێتەی بیرو هەست و هۆش کراون، هەروەها بەهەمان شێوە سروشت و کەرەستە و رەنگەکان خراونەتە پێناوی دروستبوونی تابلۆی بیرو هەستی شاعیرەوە رێگەی هونەری وێنە دەربرین ئەنجام دەدا.( دیلان) وەکو شاعیرێکی نوێخواز بەردەوام بیرو ئەندێشەی خۆی رژاندوەتە پەیامی کوردووە.بەوەی وێنەی شیعریی لە زمانەوە دروست دەبێت، بەوپێیەی کە بنەمای هونەری دەقی شیعریی پێش هەموو شتێك زمانە، بەو مەبەستەی، کە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەندێشەو وێنەدایە، چونکە سەرچاوەی وێنە ئەندێشەیە و وێنەش بۆخۆی پێکهاتەیەکی زمانەوانیە، خەیاڵی شاعیر لە چەند سەرچاوەیەکەوە دروستیدەکات، کە جیهانە هەستپیکراوەکە لە پێشەوەی ئەوانەوەیە، بۆیە نووسەر لەو سۆنگەیەوە پێوانەی وێنەی شیعریی بەکارهێناوە.

(38) هەرئەوسەرچاوەیە، ل216.
(39) هەرئەو سەرچاوەیە، ل217.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

ص:21-39 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## بەشی سێیەم

## پێوانە هونەرییەكانی ئاوازی شیعریی

**چەمك و پێناسەی ئاوازی شیعریی:**

**ئاوازی شیعریی** : (ئەو ڕووپۆش و وتارو قاڵبەیە، كە تێكستی ئەدەبی تیایدا دەمەێیت وخۆی تیادا پێشكەش دەكات، ئەمەش لەگەڵ مەبەست ناوەرۆكدا لە گۆڕانێكی بەردەوامدا دەبێت و تەعبیر لە ئەزموون و تاقیكردنەوەی شاعیردا دەكات ، لەبار و دۆخ و سەردەمێكی دیاریكراودا، یەكەم ئاكاری رووخساری شیعریی لای هەر شاعیرێك لەسەرەتادا زمان و دەربڕینەو ئەنجا لایەنی تەكنیك و فۆرمی ئەو دەربڕینانەیە، كە ئەزموونی شاعیری تێدا بەرجەستە دەبێت و خۆی لە هۆنراوەكانی كێش وقاڵبەكێش وسەرواوە دەدوزێتەوە). (40)لە ڕاستیدا، یەكەم نیشانەی ئاشكرای هۆنراوەش ئەو ئاوازە رێك و ڕەوان و دڵكێشەیە، كە لێیەوە هەڵئەستێ ، جا ئەو ئاوازە لە خودی تاكە تاكی وشە هەلبژاردەكان بێژێ ، یا زادەی ئەو رێخت و دارشتن و لێكگونجاندنەی وشە تێكهەڵكێشراوەكان بێت كەبەسەر هەست و سۆزی تەقیوی دڵی هۆنەردا رژاوەو كەفو كوڵی ئەو سۆزەی لەناخی دەروونەوە دەرهێنراوە.(41)هەر لەو بارەیەوە (دكتۆر كامل بەصیر) دەڵێت:( ئاوازی هۆنراوەی ناوخۆیی واتە( الموسیقی الشعریة الداخلیة)، كەلە پەیوەندی نێوان وشەو دەربڕین ورستەكانی هەڵبەستەكەوە هەڵدەقوڵێ و شوێنەواری چۆنیەتی دەنگەكانی ئەم ڕەگەزە خۆرمیانەیە).(42)هەروەها (شێخ نوری شێخ صالح)یش لە بارەی ئاوازی شیعرییەوە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:- مەبەست لەئاواز (مۆسیقای دەرەوەی هۆنراوەیە، كە پابەندی كێشە وەكو ڕەگەزێكی سەرەكی بنیاتی شیعریی و هەرئەویشە، كە نەزم وئاهەنگێكی چێژبەخشی و دڵپەسند لەدەروونی مرۆڤدا بەرپادەكات ، ئەنجا بەو هۆیەوە ئاوازی هۆنراوە دەبێتە دیاردەیەكی دڵكێش ، كە گیان بەبەر وشەو دەستەواژەكاندادەكات،ئەوەندەی ترماناومەبەستەكانیان بەرجەستە دەكات)(43).

وەک دەبینین ، لەو پێناسەیەی (شێخ نوری) دا ڕاستەخۆدوولایەنی گرنگی هۆنراوە بەدیدەكرێت:
**یەكەمیان:** هۆنراوە دەربڕینی هەست وگیانی كارتێكراوە، كە شاعیرە.
**دووەمیان:**ڕازاندنەوەی ئەو دەربڕینە یە لە ئەندێشەو خوازەی رەنگاو رەنگەوە ، ئەمە جگەلەوەی ، كە دەستنیشانی ئەوتایبەتیە گرنگیەش دەكات ، كە ئەو دوولایەنە ئەنجامی دەدەن ، ئەویش تایبەتێتی هەست ودەروون هەژاندنە. لەگەڵ هەمووئەوانەشدا ئاگاداری ئەوەش بووە كەئاوازیش ڕەگەزێكی سەرەكی هۆنراوەیەو ، ماهیەتی هەقیقەتی وەزن و قافیە ئاهەنگە و جوانیش بەئاهەنگ دێتە وجود. (44)

هەرئەو هەست و سۆز دەربڕینەی، كە بنەمایەكی دیاری چەمكی هۆنراوەیە لای شێخ نوری لەلای رەخنەگرێكی تریشمان بەدی دەكرێت كە بەناوی (سیاپۆش)ەوە ، نووسینەكانی بڵاوكردۆتەوە ، دووبارە بەلای( سیاپۆش)ەوە ، (هۆنراوە گەوهەری ئەدەبیاتەو شیعر تەرجومانی دڵە. چی بەدلا بێ ئێش وئازار و دەردو خەفەت و هیواو نائومیدی ، شین و شادی ، شیرینی و تاڵی ... لەواتەی رێك و پێك لە شێوەیەكی دڵگیردا بۆ دەردەخات، كە هەموو كەسێك لەدەمی خوێندنەوەیدا شێوەیەكی دڵی خۆی تیائەنوێنێت. هەروەها بەلایەوە شیعر وەك ئەڵێن وتنێكی وەزنداری قافیەدارە، بەڵام ئەبێت بزانین ، كە ((وتە)) لەشە و ((مەعنا)) گیانیەتی، لەوانە رێكەو پێك و مەعنای بەرزو بڵند شیعر پەیدا دەبێت)45. ئەوەی لێرەدا و لەسەرجەمی باسە رەخنەیەكەی (سیاپۆش) دا دەبینرێت، ئەوەیە كە بەرەگەزی كێش و سەروا قایل نابێت و داوای رەگەزی تر لە هەستیارە كوردەكان بۆ بنیاتنانی هەڵبستەكانیان دەكات.دیارە ، (یەكێك لەرواڵەتەگرنگانی فۆرمی شیعر مۆسیقایە،" مەبەست لە مۆسیقای شیعر ئەو ئاواز وئیقاعانەیە لەئەنجامی تێكچرژانی ئەو وشەو دەنگ وێنانەوە پێكدێن ، كە ئەبنە چوارچێوەیەك بۆ بیر و هەستی شاعیر، ئەمەش زیاتر لە چێژدا خۆی ئەنوێنێ، كێش ئەو ئاواز مەبەستە شیعرییەی پێ لە نوسنێكی تر جیائەكرێتەوە، ئاشكرایە سەرچاوەی مۆسیقای شیعر دەنگەكانی سروشتە كێشیش هەوێنی شیعرە).(46)

---

(40) د. عوسمان دەشتی ، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012 ، ل122..
(41)عەزیز گەردی : ئەدەب و رەخنە، چاپخانەی الحوادث ، بەغداد، 1974، ل69.
(42)د.كامل حسن عزیز البصیر: رخنە سازی مێژوو وپەیرەوكردن، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، 1983،ل193.
(43)دڵشاد علی،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی كوردیدا، چ1، چاپخانەی رەنج ،سلێمانی ، 1998، ل87.
(44) سەرچاوەی پێشوو، ل 16.
(45)رۆژنامەی ژیان، ساڵی (٧) ،ژمارە (٢٣٥) ٢٥ ی گەلاوێژ ١٩٣٢
(46) ئەنور قادر محمد، رۆژنامەی هاوكاری ، ژ 276 ، 1975، ل3.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

شایەنی باسە ،ئاواز و ریتم لە لەدەقی شیعرییدا کاریگەری راستەوخۆ لەسەرهێزی سستی و جۆری لێکۆڵینەوە هەیە، چونکە هیچ دەقێك بەبێ ئاوازە نابێت ، هەروەها ئاوازەکانیش کاریگەری و جێکەوتەی خۆیان هەیە، لێرەوە شاعیر وایکردووە بەوردی و بەشێوەیەکی دیار بەکاری بهێنێت.

**یەکەم : گۆڤار**

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٣ ساڵی ١٩٧٤ بابەتێک بەناونیشانی (ئەسیری شاعیری شەیدای کوردستان) لەلایەن (کەریم شارەزا) بڵاوکراوەتەوە .دەڵێت:- (لە گوڵشەنی دەوروپشتی هەوارگەی خۆیەوە دەست پێدەکات و لە ئاوی جۆگە و رووبارە شیرینە سازگارەکانییەوە ئەدوێ، وەک نیگارکێشێکی بەهرەوەر تابلۆی نیگارەکەی بە گیانی شینی بەهار و شەتڵی بۆن خۆشی لالە و بنەوشە و نەسرین و سومبول و یاسەمین و سۆسەن و ژاڵەی ئاڵ دەرازێنێتەوە و جوانی ئەم دیمەنە جوانانە تێکەڵاو بە ئاوازی خوڕەی ئاوی قەڵبەزەی خۆشتر لە دەنگی عود و ساز دەکات :

**دەوروپشتی خانوو جێگەی هەوارم گوڵشەنە**
**ئاوی جۆگە و گوڵ و ڕووبارم شیرینە و ڕەسەنە**
**گیای بەهاری مێرگ و دامێنی چیا و کێوی من**
**نەرگز و لالە و ترنجۆک و بنەوشە و ڕەیحەنە**
**لێوی جۆگەی خورەم و زۆر ساف و سمین دلبەرم**
**ژاڵە و نەسرین و سومبول ، یاسەمین و سەوسەنە**
**دەنگی خورەی ئاوی ژێردارم بەسەر بەرد و و پەلا**
**خۆشترە سەد جار لە دەنگی عود و ساز و دەندەنە)(47)**

وەک دەردەکەوێ ، شاعیر شیعرەکانی لە دوو سەرچاوەی لەبن نەهاتوودا هەڵدەهێنجێ سروشت و خۆشەویستی کوردستانە ئەفسونی خۆی لەگەڵ هەست و نیازی دەروونی خوێنەردا تێکەڵ دەکات ، سروشتی هەڵقوڵاوی هەست و سۆزی شاعیرە و دەنگی دلێری و پرشنگی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری بەسەر هەموو دەشت و چیاکاندا بڵاوبوونەوە ، دیمەنە جوان و دڵفرینەکانی ڕازاوە و پڕ لە وێنە و ئاوازی مۆسیقا تێکەڵ بەیەککردووە، لێرەوە نوسەر ڕوانینی بۆ دەق ڕوانینی ئاوازی شیعرییە.
هەروەها لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٧٦ ی زایینی ٢٦٧٥ ی کوردی بابەتێک بە ناونیشانی (گەشتێک بە جیهانی مەولەویدا) لەلایەن (ئەنوەر قادر محەمەد) بڵاو کراوەتەوە.
دەڵێت :-(مەولەوی زۆربەی شیعرەکانی بە کێشێکی تایبەتیی فۆلکلۆری (٥+ ٥= ٥+٥) وتوە ، شاعیرێکیش ئەگەر سەرجەم شیعرەکانی بەیەک کێش بڵێ و جۆرە لاوازییەک ڕوو لە شیعرەکانی دەکا .. بەڵێ ! لەگەڵ ئەمەشدا جۆرە سۆز و تێکچڕژانێکی مۆسیقایی زۆر بە تین لە شیعرەکانیدا ئەبینین ..
**وەڵگ شادی من .. وای دووری لەیل**
**وەیشووم بەرد ئەو هەرد ..**
**وی کۆڵ وەی وە کۆڵ .. پەی زەردان دەرد ..**
**ماسا و نەسەراو .. ڕێزان هەرزان کرد ..)(48)**
واتە دەنگ و ئاواز و خرۆشانی پیت و وشەکان لەگەڵ هەڵچوون و دامرکاندنەوەی باری دەروونی شاعیردا بەرز و نزم ئەبنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە مۆسیقا و سۆز دەکەیت، بۆیە نووسەر تێروانین و هەڵسەنگاندنی بۆ دەق تێڕوانینی پێوانەی ئاوازی شیعریی بەکار هێناوە.

**دووەم : کتێب**

(فەرەیدون عەلی ئەمین) لە کتێبی ( چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی نەمر ) لە ساڵی ١٩٧١ چاپکراوە ، دەڵێت:- ( قافیەی چاک ، ئەوەیە کە لەگەڵ وشەو ڕستەکانی شیعرەکەدا سفت و چەسپاو گونجاو بێ لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو وشەیە دا کە ئەم بە قافیە بۆی هاتۆتەوە ، هەتا زۆرتر حەرفیان لە یەک بچێت ، شیعرەکە مۆسیقا دارتر و ئاهەنگدارتر ئەکات بە واتە هونەری قافیەی بەجێهێنابێ .

47 گ- بەیان - ژ ١٣ ساڵی ١٩٧٤- چاپخانەی دار الحریە – بەغداد – ل ٥
(48)گ . بەیان – ژ٣٣ – ساڵی ١٩٧٦ – مطابع آوفست دار الحریە بغداد – ل٦

**ئەو ئاوە جوانە ، لەو دەشتە وێڵە**
**چاوی قرژانگی لە چاوا لێڵە**
یا خود دەڵێت:
**هێشووی مرواری گەردنی بەرزی**
**بە بای غروری شۆخی ئەلەرزی )(49)**

کەواتە لە ڕووی ڕۆنانی ڕستە سازییەوە تەریبی یەکترن ، ئەم تەریبی و هاوسەنگییەش مۆسیقایی ناوەوەی دروست کردووە ، جگە لە کێش و سەروای دەقە شیعرییەکە ، شاعیر لە پێناو پێکهێنانی یەکیەتییەکی ئۆرگانی پتەو ، چ لە ڕووی مۆسیقاوە ، چ لە ڕووی زمانەوە ، چ لە ڕووی واتا و وێنەی شیعرییەوە، کە بە شێوەیەک هۆش و خەیاڵی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرەکە دانابڕێت ، بۆیە نووسەر لەم ڕوانگەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەقە شیعرییەکانی پیرەمێرد کردووە ، کە شاعیرێکی شارەزاو کوردیزان بووە ، توانیویەتی کێشی شیعرەکە بە یەکەوە یان تەواو کردنی ڕستەیەک بێت لە ڕووی ڕستە سازییەوە بۆیە پێوانەی ئاوازی شیعریی بەکارهێناوە ..

هەروەها (عەلی شێخ عومەر قەرەداغ)ی لە کتێبی ( مەولەوی وسروشت ) لە ساڵی ١٩٧٨ چاپکراوە دەڵێت:- ( خواستی شاراوە ( الاستعارة المكنية ) هاتون و لە نهێنیدا( تشبيه) هەیە ، مەولەوی هەندێ جار گۆشەی بینینی بە جۆرێ ڕوون دەبێتەوە کە لەو دیوی سەدەها پەردەوە شت بە دی دەکات ، کە پڕە لە تەشبیهی ورد و بیری بە جێ و ئەندێشەی ناسک و سروشت پەروەرییەکی ئێجگار بە سۆز پاش ئەوەی دەڵێ بەهار زۆر بە ناسکی وەک بوک ئامادە کراوە و دەشت و شاخەکان ئاریشیان کردووە ڕووی یار ، بەفراو هارەی کردە خوارێ وەک فرمێسکی چاوەکانم ، لە پاشدا دێتە سەر باسی گوڵاڵە و سەوزە گیا .
**مدیان گوڵاڵان نە پای دەربەندان**
**ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزو مەندان**
**چ خاس خاس شێو نە ئێوارانداا**
**سەوزەوە ڕوی خاک جەرگەی باراندا**
**بوین رەعشەی وەجد دڵەی پاکشان**
**عەیان نەشیانی سەوزەی خاکشان ) (50)**

ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە (مەولەوی) هەست وسۆزی لە ناخی دەروونەوە دەرهێناوە ، جوانی سروشتی تێکەڵ بە زایەڵەو سەدای دەروونی کردوە و زیاتر لەگەڵ خۆشی و کامەرانیدا ئەگونجێن و شاعیر توانای دەرهێنان و پیشان دانی ئەو جۆرە هەستەی هەیە ، بۆیە نووسەر پێوانەی ڕەوانبێژی بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکانی گرتوتە بەر ، بەوەی ئاوازی ناوەوەی ئەو هونەرە ڕەوانبێژیەی بەکارهێناوە ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعرییەکەی پێ سازاندووە ، ئەمەش ئاسۆیەک و نیگایەکی بەهێز دەخاتە دڵی خوێنەر و بە ئاسانی ڕاپێچی دەکات لەگەڵ تەوژمی هەستی خۆیدا . ئەمەش وورده ووردە هێز وبەهرەیەکی پڕ تەوژممان لە دڵا ئەبزوێت بۆ ئەوەی چێژ لەدونیای سروشت و مۆسیقا وەربگرین پڕ بە دڵ بە ناخماندا ڕۆ بچێت ببێت بە پارچەیەک لە گیانمان تێدا بتوێینەوە . هەروەها (علادین سجادی) لە کتێبی ( دەقەکانی ئەدەبی کوردی ) لە ساڵی ١٩٧٨ چاپکراوە دەڵێت:-
( لە ئەدەبی کورد و بە تایبەتی لە شەخسی مەولەوی بلیمەتا کە بتوانێ ئەو بەرهەمەی دایئەڕێژێ نەخش بگرێ بە ڕۆماتیک . جگە لەمەش وەستایەتیەکەی لە بەکارهێنانی هونەرە ئاشکراییەکان ، وە بە تایبەتی تر لە لێکچواندا کە هێناویە لەو چوون و لێ چوونی هەڵگێڕێتەوە .
**گوڵ چوون ڕوی ئازیز نەزاکەت بۆشان**
**وە فراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان ) (51)**

لە ڕاستیدا ، یەکێک لە هۆکارەکانی ئاوڕدانەوەی مەولەوی لەسەر جوانی کاریگەری ڕۆمانتیکی بووە ئەمەش وایکردوە جوانی بێتە بنەمایەکی دیاری دەقەکانی ، ئاوازی ناوەوەی ئەو هونەرە ڕەوانبێژییەی بەکاری هێناوە کێشی ئاوازی ناوەوەی بەیتەکەی پێ سازاندوە .جگە لەمەش وەسفی گوزارشتی لە دەقە شیعرییەکانیدا زۆر بووە . بەوەی تاقیکردنەوەی هەستی شاعیر لە دنیای دڵی خۆیدا زیندوو دەکاتەوە ، ئەمەش بە هۆی هۆش و خەیاڵ سۆزەوە دەبێت و هەستە کە هەڵدەقوڵێت و سۆزەکە ڕادەگەیەنێت . ئەم

(49) فەرەیدون عەلی ئەمین ، چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی نەمر ، چ ، ئیر شادە بە یارمەتی کۆمەڵی ڕۆشنبری کورد ، بەغداد ، ١٩٧١ ، ل٢٢

(50) عەلی شێخ عومەر قەرەداغی ، ( مەولەوی سروشت ) ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، ساڵی ١٩٧٨ ، ل٣٢ ، ٣٣
(51) علاء الدين سجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، ١٩٧٨ ، ل٩٥ - ٩٦


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:21-39
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ووردەکاریانە لای (مەولەوی) تەواو بەرجەستە بووە بۆیە نوسەر لەم چوار چێوە جوانەدا بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکانی پێوانەی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە .

## ئەنجام:

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

1. سنوور ئاراستەکان لە دەقی شیعرییدا بەهۆی زمانەوە دەناسرێن، بۆیە زمان خاڵێکی بنەڕەتی بوونی دەقە.
2. بەو پێیەی جوانکاری بەرجەستەبوونێکی هەستی جوانییەکانی روونبێژی و واتاناسیە، بۆیە دەقی شیعریی بەرجەستە بوونی وشە و واتایە.
3. پێوانەی هونەری ڕەخنەی شیعریی لە دەقی ئەدەبیدا شوناسی دەقە، بەو هۆیەوە ناوەڕۆکی دەق زیاتر ناسێنراون.
4. یەکێک لە ڕەگەزە دیار و گرینگەکانی پێکهاتەی دەقی شیعریی، وێنەی شیعرییە،کەبووە بە بەشێك لە فرە ڕەهەندەکان.
5. ئامرازی شیعریی بووبەشێك لەپێکهێنانی مانا و مەبەستی شاعیر لەگەیاندنی پەیامە شیعرییەکەیدا .
6. ڕەمز پێوانەیەکی هونەری گرنگەو لە خودی شاعیر پەیامێك دەشارێتەوە لەگەڵ ژیاندا گوزەر بکات بەردەوام مانای نوێ بەپێی سەردەم ببەخشێت.
7. لەمرۆدا پێوانەرەخنەییەکانی هونەریی شیعریی لەسەر خوێنەرو لێکدانەوەی دەقەکان هەیە.

## سەرچاوەکان

### کوردی:

1. پەخشان سابیر حەمەد، رمز لە شیعریی هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر، 2012.
2. جەبار ئەحمد حسین: ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی، چ1،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2008.
3. حەمە نوری عمر کاکی : شێواز لە شیعر کلاسیکی کوردیدا ، چ1، چاپخانەسلێمانی، 2008.
4. حەمە سەعید حەسەن ( شیعر و هەڵوێست ) چاپخانەی ڕاپەڕین و سلێمانی ، ١٩٧٩.
5. حەمە سەعید حەسەن ، وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ، مطبعة علاء ، بغداد ، ١٩٧٩.
6. دڵشاد علی،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چ1، چاپخانەی رەنج ،سلێمانی ، 1998.
7. رێبوار سیوەیلی – سۆفیستەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی دووەم – سلێمانی ، ٢٠٠٠ .
8. علاء الدین سجادی - دەقەکانی ئەدەبی کوردی - چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغداد - ١٩٧٨ .
9. عوسمان دەشتی ، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012 .
10. عزیز گەردی" ئەدەب و ڕەخنە" چاپخانەی الحوداث". بەغداد. 1974
11. عەلی شێخ عومەر قەرەداغی - مەولەوی سروشت ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، ١٩٧٨ .
12. فەرەیدون عەلی ئەمین ، چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی نەمر ، چاپخانەی ، (ئیر شاد) بە یارمەتی کۆمەڵی ڕۆشنبری کورد ، بەغداد ، ١٩٧١ .
1 9کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعریی نوێی کوردی ، چ2 ، چاپخانەی حسام، بغداد، 1980.
14. د.کامل حسن عزیز البصیر، رەخنە سازی مێژوو پەیرەوکردن، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق ، بەغداد، 1983.
15. محمود زامدار ، لە بانێژەی شیعرەوە ، طبع بمطبعة جريدة العراق، ١٩٨١ .
16. هەرێم عوسمان – لیریکی گۆران، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠١٨.

### عەرەبی:

1. محی الدين اسماعيل" الفكر المعاصرة، ط1" دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1989.
2. سی دی لويس" الصوره الشعريه ، ت: د. احمد نصيف الجنابی و الاخرون" دار الرشيد للنشر، بغداد، 1982.
3. شكری محمود عياد: اللغة والابداع الشعری ، الطبعة الاولی ، 1988

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**فارسی:**

1. أر .ال . برتة تخيل، ترجمة : مسعود جعفری، نشر مركز تهران، 1379
2. د.بهرام مقدادی ، فەرهەنگ اصطلاحات نقد أدبی، چاپ أول ، انتشارات فكر روز،تهران ، 1379 ،

**ڕۆژنامە:**

1. 1 رۆژنامەی هاوكاری ، ژ 276 ، 1975،
2. ژیان ، ساڵی (٧) ژمارە (٢٣٥) ، ١٩٣٢

**گۆڤار:**

1. فەرەیدون علي ئەمین : علي عارف ئاغا شاعیریكي دڵتەرو شیعر سوارە , گۆڤاری بەیان، ژ(31)، تشرینی دووەم ، 1974
گ . بەیان – ژ – ٤٩ ی مایش ١٩٧٨ – دار الحریة للطباعة – بغداد
2. گ، بەیان – ژ8 – ساڵی 1973 –، دار الحریة، بغداد
3. گ . بەیان – ژ٣٣ – ساڵی ١٩٧٦ -، دار الحریة، بغداد
4. گ . بەیان . ژ . ٤٦ ی كانوونی دووەمی ١٩٧٨ - دار الحریة للطباعةة بغداد
5. گ- بەیان - ژ ١٣ ساڵی ١٩٧٤- چاپخانەی دار الحریة، بەغداد
6. گ، رامان . ژ(142)، بنیاتگەری فردیناند ،دی سوسێر، 2009.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.2